له منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێکیش بێت، ولە بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بکەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بکات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێکیش بێت، ولە بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بکەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بکات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە گەیاندنی زانستی شەرعی لە قورئان وسونەت، ئەگەرچیش شتێکی کەم بێت وەکو ئایەتێک یان فەرموودەیەک، بەمەرجێک زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی دەیگەیەنێت وبانگەوازی بۆ دەکات. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە گێڕانەوە لە بەنی ئیسرائیلەوە ئاساییە لەوەی بەسەریاندا ڕوویداوە بەمەرجێک پێچەوانەی شەریعەتی ئێمە نەبێت. پاشان هۆشداری دا لە درۆکردن بەناویەوە، وهەرکەسێک بەئەنقەست درۆ بکات بە ناویەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دیاری بکات لە دۆزەخدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3686